# مژده .. مژده

**كامیل ژیر**

– بۆ كێ ؟

\+ بۆ هەموو گەنجێكی گیرفانچۆڵ . بۆ هەموو پیرێكی بێداهات . بۆ هەموو ژنێكی ماڵ . بۆ هەموو كەسێكی بێخانوو . بۆ هەموو نەخۆشێكی بێدەرامەت . بۆ هەموو ئافرەتێكی تەلاّقدراو . بۆ هەموو نانبڕاوان . بۆ دانەمەزراوانی دەرچووی كولێجەكان . بۆ هەموو ئەوانەی لە هە ندەرانەوە ئاودیوی كوردستان ئەكرێنەوە و... هتد .

– لەكوێ ؟

\+ لە قەڵەمڕەوی حكومەتی هەریمی سلیمانی .

– تۆ لە سێبەری چ ئەشكە وتێكدا نوستوویت !؟ ئەوەنەما ، ئێستا هەردوو قەڵەمڕەوەكە ی سلیمانیو هەولێر یەكیانگرتوتەوەو پێیئەوترێ حكومەتی هەریمی كوردستان . تۆش مەبە بەوانەی ئەلێن تا ئاسایش وپیشمەرگە یەكنەگرنەوە .. جا ئەو دوو دەزگایە چیە لەچاو ئەو هەموو وەزارەتە یەكگرتوانەدا ؟

\+ بەو دوو دەزگایەش یەكگرتنەوە دروستنابێ .

– ئەی بە چی؟

\+ بە یەكگرتنەوەی دراوە حەیاتەكە ..

– ئەمەیان چ قەوانێكە ?

+ تۆ لە گوێی چ گایەکدا نوستوویت ؟ ئەی نازانی تائێستاش 48٪ ی بووجە بۆ قەلەمرەوی سلیمانی و 52٪ بۆ قەلەمرەوی هەولیرە ؟ ئیتر یەکگرتنەوەی‌چی !؟

– دەتۆ لە باسەکە لامەدە ، مژدەکەم پێبڵێ ، دڵم شەقیبرد !

+ مژدەکە شازی مژدەیە .گوێبگرە : ئیتر ئێمەش بووین بە هاوتای ولاتە سوشیال دیموکراتەکان و برسیتی نەما . هەموو ئەو تاك و توێژانەی لە سەرەوە ئاماژەم بۆکردن ، ئەبنە خاوەنی خانوو و کیسەو باخەڵی خۆیان بێئەوەی ئارەق بکەوێتە ناوچاوانیان وەك ولاّتانی ئەسکەندنافیەو ئەوروپاو بەریتانیا و ئەوانیتر گەرچی هایلایڤیش نەبن ، خۆ رادەی کەمی ژیانیان دابینئەبێ .

– بوچی هەر قەلەمرەوی سلیمانی !؟

+ چونکە ئەو تیمەی لەم رۆژانەدا 15 و 2010/11/16 بەشداریی کونگرەی سوشیال ئینتەرناسیونالەکەیانکرد لە پاریس ، نێردەی قەلەمرەوی سلیمانی‌بوون و هەر ئەوانیش ئەندامن تیایدا .

– پف لەم مژدەئێکسپایەرە ، کاکە ئەوانە دەمێکە ئەندام و جێگرسەرۆکن لەو ریکخراوەدا . تۆ لەژێر چ لێفەیەکدا پرخەی خەوتدێ !؟

+ نابێ وابێ ، ئەگەر وایە ئەی بۆچی ئەو سیستمی سوشیالستیە پەیڕەوناکەن . کە پەیرەویناکەن ، ئەم سۆشیالبۆیەیە بۆ لەخۆیانئەدەن !؟

– ئەبێ وابێ . ئەی ئەوەنیە بوە و هەموو ئەو تاك و توێژانەش لە سەهۆلەکە سەماو تەقەی خۆشی ئەکەن ؟ ئیتر تکایە تۆ ئەوەندە خەونی شاعیرانە مەبینەو گەمەکە مەکە بەڕاست . ئەوەی تۆ لەخۆتەوە جاڕیبۆئەدەیت و مژدە مژدەت لێگرتۆتەوە ، لە محالْ محالْترە . ئەوانە بۆچی ئەو 48٪ ەی خۆیان کە بەئارەقی ناوچاوان پەیدای‌ئەکەن ، ببەخشنەوە بەسەر ئەو تاك و توێژانەدا ؟ خۆ گوێزەبانە نیە . گەنجی گیرفان چۆڵ بۆنایەت

ئەویش وەك ئێمە ببێ بە تێكۆشەرو گیرفانی پڕكات ؟  پیری بێداهات خانەی بەساڵاچوان ئەیژیێنێ . ژنی ماڵ مێردەكەی بەخێوی ئەكات ئەگەرچی نان و شەقیشبێ . ئەوی خاوەنی خانوو نیە  باپچێ خانوویەك بەكرێ بگرێ . بۆ نەخۆشی بێدەرامەت  خەستەخانەی میری هەیە . با ئافرەت عال و سالبێو خۆی بە تەلاقدان نەدات . نانبڕاوەكان نانی كونە ماسیان ئەخواردو پاسی جرتاوایان ئەكرد ، دەبابخۆن دەی . دەرچووی كولیجەكان باپچن كاری ئازاد بكەن . ئەوانەی هەندەران  چۆن دڵیانهات كوردستانی بەهەشتی زەمین بەجێبهێڵن !!دەبابڕۆن بۆ دۆزەخ .